# بانگەواز بۆ ڕای گشتیو ڕێکخراوەکانی دیفاع لەمافەکانی مرۆڤ

## لەناوخۆو دەرەوەی وڵات

دوای خۆپیشاندانی ڕۆژی 2006/3/16ی شاری هەڵەبجەو کەوتنەوەی کاری توندوتیژی لەنێوان خەڵكو هێزەچەکدارەکانی ناو شاری هەڵەبجە، کە کوژرانی دووکەسو برینداربوونی نزیکەی 10کەسو سوتاندنی مینۆمێنتی هەڵەبجەی لێکەوتەوە، وەزعیەتێکی نالەبارو ناجێگیر لەشاری هەڵەبجە هاتوەتەکایەوە کە کاریگەری قورسی کردۆتەسەر خەڵكو نائارامیەك دروست بووە، کەئاشکرا نیە ئاکامەکەی بەچی تەواو ئەبێت، لانی کەمی ئەو نائارمیەش کەدوای ئەو ڕووداوانەدا هاتووە خۆی لە خاڵانەی خوارەوەدا ئەبینێتەوە:

1. دەسپێکردنی ڕەشبگیری بەجۆرێك کە سەدان کەس تا ئیستا زیندانی کراون.
2. ژمارەیەکی زۆری خەڵك کە تەنها بەشداریيان کردوە لەو خۆپیشاندانەدا ئاوارەی شارەکانی دەرەوەی هەڵەبجەبوونو خۆیان حەشارداوە,
3. کاری پشکنینی ماڵان دەستی پێکردوەو چەندین ڕووداوی نائینسانی وناخۆش لەئاکامدا کەوتونەتەوە.
4. فەزای عەسکەرتاری داسەپێنراوە بەسەر ئەوشارەداو کاریگەری خراپی کردۆتە سەر ژیانی ئاسایی خەڵکی شارەکە.

ئەم ئیجرائاتانە بەو بیانوەوە ئەنجامئەدرێت کە خەڵکی لەبەرامبەر نەبوونی خزمەتگوزارییەکانو مافە سەرەتاییەکانی خۆیان ناڕەزایەتیان دەربڕیوەو، بەهۆی هەڕەشەی چەکدارەکانیشەوە کاری توندوتیژی ڕوویداوەو مینۆمێنتی ئەو شارە سوتاوە. ئەم کردوەو ئیجرائاتە بەڵگەی سەلماندنی ئەو ڕاستیەن کە دیموکراسیو مافەکانی خەڵك تەنها دروشمێکن دەسەڵات بۆ خۆجوانکردن وپڕکردنی مێشکی خەڵك پێیان دەریان ئەبڕێت.

ئێمە ئیمزاکەرانی ئەم یاداشتە لەلایەك بەتوندی ئیدانەی ئەم کردەوانە ئەکەینو بە پێشێلکاری لەقەڵەمی ئەدەینو، داوای دەستەبەجێی ئازادکردنی گیراوەکانو دادگایی کردنی بکوژەکان ئەکەین لەدادگایەکی عادیلانەدا، وە بانگەوازی سەرجەم ئازادیخوازانو بەرگریکەرانی مافەکانی مرۆڤ ئەکگەین کە بۆ پاراستن گیانو سەلامەتی ئەوگیراوانەو هەموو ئەوانەی کە لەترسی زیندانی کردن هەڵهاتون، ئەکەین. هاوکات داواکارین کە ئەبێت ئیدارەی شارو دەسەڵتداران بەرنامەی خۆیان ئاشکرابکەن بۆ وەڵامدانەوە بە خواستو داواکارییەکانی خەڵکی هەڵەبجە.

| ناو | پیشە |
| --- | --- |
| زمناکۆ عزیز | گروپی بەرگری لەئازادی |
| شێرزاد حسن | نوسەرو ڕۆشنبیر |
| مەریوان هەڵەبجەیی | نوسەرو ڕۆشنبیر |
| ستار خوارەحم | پارێزەر |
| نەوازاد بابان | دەستەی داکۆکی لەداخوازییەکانی خەڵك لەسلێمانی |
| ئازاد مجید | دەستەی داکۆکی لەداخوازییەکانی خەڵك لەکەرکوك |
| کامەران لەتیف | بەرپرسی سەنتەی بەرگری لەمافەکانی منالآنی کوردستان |